www.kurdistannet.org
9-7-2006 1:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەوکاتەی لەسەر خوانی مەرگ بانگێشت ئەبم... ئامانج عەبدوڵا سوور

بەری بەیان بەهەڵمی سەرپەنجەرەکەم دەست نوێژ ئەگرم (سوهراپ سپێهری)
شەیتانی ئەم سەردەمە رووخاوەبی بۆنی مەگ هەڵناکا (ئومێد ئاشنا)

تۆخۆتم لی مەشارەوە ئەترسم دڵم ببی بەپارچەیەك سەهۆڵ بەدەم کزەی ئێوارەوە (محمد عمر عوسمان) ئەوکاتەی رەنگ ی گەڵاکان سەوز هەڵئەگەرێن بەرگی پرتەقاڵی دائەکەنن،کە باران لێوی عاشقێکی پی تەرنابی،لەم باخچەی ئەوینەدا سروەیەکی پی شك نایە،بۆنی گوڵێك بەپەرێزیا گوزەر ناکا،ئەودەم لەخۆم خاڵیم پەرداخێکم لەناخم لەهەمووتان ناچم لەسەر سفرەکانی جەنگ بەخود کۆئەبمەوە رقم لەزەرافەیە هاورێم بەرەشەبا،رەنگم لەرەنگی ئێوە ناچی،چەند بەویقارە جیاواز بوون،وەك کەرتکردنی پارچە سێوێکە کەهێشتا حەرام نەکرابی،تف لە سیمای دەرباربوون ئەکەم،لەدەریای گوماندا مەلەئەکەم بەئاسمانێك خاڵی لەباز وپر لەئەوین دنیا تەی ئەکەم،باوەش ئەگرمەوە بۆ فەنابوون جودا لەفەنابوونەکەی حەلاج پر پر لەئێوە،لێوان لێو لە گومان، خاڵی لەشەو لەوپرسیارە نەریتیانەی لەشەوا ئامادەئەبن ئاخر لەمانگی چواردەدا هیچ داکشان وهەڵکشانی بەخۆیەوە نابینی،شەو پرئەکەم لەوخەوانەی فێری بێداریم ئەکەن نە پەپولە ئەکەم بەسیمبوڵی ئاشتی ونەشێر بە هێز ئەشوبهێنم ئاخر شەوی رابردوو پەپولەیەك کورەکەمی ترساند،لەرابردوودا شێر لەکنە ئێمە چاوی پر بوو لەشەهوەت،چەند رقم لە خود ئەبی ئەوکاتەی لەخاڵێکدا کۆتایی دێت چەند ئارەززو ئەکەم بپەرمەوە،منیش راماوم سەیری ئەو دیو ئەکەم بڵێی رەنگم پرتەقاڵی بێت؟؟؟؟؟؟؟؟